# دیبلۆماسییەت، لەنێوان هاوپەیمانیەتی و بەرژەوەندی نەتەوەییدا

# Diplomacy, Between Allies and National Interest

**خەسرۆ پیربال**

Pirbal@hotmail.com



ئەگەر خوێندنەوەیەکی ووردمان هەبێت و وەکوو چاودێرێک سەیری نەخشە و هاوکێشەکانی ئەمڕۆکەی گۆڕەپانی سیاسی عێراق بکەین، ئەو لایانە کاریگەر و بەهێزانە دەستنیشان بکرێن، ئەوە لەپێشەوەی هەموویان کوردەکان خاوەنی بەهێزترین کارتن و فشارێکی بەرچاویان هەیە بەسەر ڕێڕەوی سەرجەم مەسەلەکاندا.

ئاشکرایە، هێزی هاوپەیمانان لە عێراقدا، کەوتوونەتە قەیرانێک و مەبەستیانە کە بەبێ ئاستەنگ تاوەکوو بەرواری ١٥/٨/٢٠٠٥، یانیش بۆ کۆتایی ساڵ، مەسەلەی ریفراندۆم و هەڵبژاردنی داهاتوو کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی گیروگرفت بکەن و بەهەر شێوەیەک بێت دەسەڵات و کۆنترۆڵ لە دەست نەدەن، لەوەشدا، ئەمەریکییەکان زۆر نیگەرانن بەرامبەر دەسەڵات و کاریگەریەتی شیعەکان لە عێراقدا، بەتایبەتی لە کاتی نووسینی دەستووری نوێ، لەوەدا میللەتی کوردستان و ئەوانەی پاڵپشتن بۆ دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی و شارستانی لە ناوچەکەدا، هاوخەمن لەگەڵ ئەمەریکییەکان، مەترسی ئەوە هەیە کە مافەکانی تاک و ئافرەتان بەتایبەتی، پێشێل بکرێن و سووکایەتی ببێتە نەریتێک و بەشێوازی جۆراو جۆرەوە ڕەنگ بداتەوە لە فەرهەنگی زیندەگی و سێبەری ئیسلام و شەریعەتی ئیسلام، وەکوو سەرچاوەیەکی سەرەکی و تایبەت بۆ نووسینی دەستوور و یاساکان، ووردە ووردە لە دروستبوونی دەوڵەتێکی هاوشێوەی ئێران، لە بەغدا جمهوریەتی ئیسلامی عێراق دابمەزرێن!

دیارە هاوپەیمانان، دەیانەوێت هاوکێشەکە هاوسەنگ ڕابگرن و میزانی پەیوەندیەکانیان بە یەکسانی ڕابگیرێت، بۆ ئەوەش دەیانەوێت لایانی سوونی بەهێزبێت، ڕووبەڕووی شیعەکان ببنەوە، ئەوەشیان لەبەرئەوەی ئاگاداری کێشە و ناکۆکی نێوان شیعەو سوننەکانن لە عێراقدا، لە هەوڵی ئەوەدان کە سەرکردایەتی کورد، کە بە تێڕوانینی ئەوانەوە، کوردەکان پەیوەندیان باشە لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا – ئەوان ڕۆڵی خۆیان ببینن و شیعەکان ڕازیبکەن، لە بەرامبەردا، هەندێک لە داواکارییەکانی شیعەکان بەلاوە بنرێت و قەناعەت بۆ سوننەکان دروستبکرێت، بۆ ئەوەی هەموو لایەک بەشداربن، ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت وە لە سەرجەم پرۆسەکاندا هاوکاری و بەشدارییەکی ئەکتیڤیان هەبێت .

ئەمڕۆکە کەس شک لەوە ناکات کە ڕۆڵی کورد، لە سەرجەم پرۆسەکاندا گرنگە، وەکوو ناوبژیکەرێک و هاوکارێکی کاریگەر لە گۆڕەپانی سیاسییدا لە عێراقدا ناسراوە، لە جیاتی یان بە نوێنەراتی هاوپەیمانان کارێکی نیشتیمانی گەورە دەکەن، بەڵام دەبێت کوردەکان بزانن کە خۆشیان ئاژندایەکی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەگەر ناوبژی شیعەو سوننییەکان بکەن و هاوکاتیش بەرژەوەندی هاوپەیمانان بپارێزین، بمانەوێت و نەمانەوێت، هێزو ئەنێرژیەکی زۆریشمان لەو نێوەندەدا

بزردەبێت و ئەژاندەی خۆمان دەکەینە قوربانی و خەمە کوردستانییەکانمان دەبنە مەسەلەی لاوەکی .

بەرامبەر بەو هەموو ناهەقییەو هەڵسووکەوتە ناشیرین و نامەسئولانەی حکومەتی جەعفەری، داواکارییەکانمان لاواز دەبنەوە و لە دەرەنجامدا، هاوولاتی کوردستان، وەکوو عێراقییەک ڕەفتار دەکەن و وورده وورده کوردستانی بوونمان کاڵدەبێتەوە... .

هاوپەیمانان، زیرەکانە ڕەفتار دەکەن، دەزانن کە ڕۆڵ و کاریگەری سەرۆک مەسعوود بارزانی چەند بەهێز و یەکلاکەرەوەیە لەسەر هەموو هێزو لایان و هاوکێشە سیاسییە- ئاڵۆزەکانی عێراق و ناوچەکە، ئەوان باش دەزانن تاوەکو دوژمنانیش ڕێزو حیسابێک بۆ خودی (بارزانی)یان هەیە، لێرەدا، چاوەڕوانی ئەوە دەکەن، هەروەکو لە دروستکردنی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی و یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت و هەڵبژاردنە جۆربەجۆرەکاندا، لە ئەنجوومەنی نیشتمانی و حکومەتدا، کاریگەری سەرۆک بارزانی و ئەو ستافە چاودێر و هوشیارەی سەرکردایەتی کوردستانی بوو لە سەری بڵندەوە تاوەکوو بەغدا، توانییان چەندین دەرەنجامی باشیان هەبێت لە پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگای عێراقی و چاکسازی سیاسی لە وڵاتدا .

ئەمڕۆکەش پێدەچێت، هاوپەیمانان زیاتر لە جاران، پشتگیری و هاوکاری تەواویان لە سەرۆک بارزانی بوێت، و ئومێد دەخوازن کە بە ئەکتیڤی و بە هەمان ڕووحیەتەوە ڕۆڵیان هەبێت لە پرۆسەکاندا. لە هەفتەی ڕابردوودا، یاریدەدەری تایبەتی سەرۆک بۆش و باڵیۆزی ئەمەریکا بۆ هەماهەنگی و دانووساندن و ئاڵوگۆڕی بیروڕا و ئامۆژگاریکردنی ئیدارەی ئەمەریکا شاندیان گەیشتە کوردستان و لە مەکتەبی سەرۆکی کوردستاندا بوون، ئەمەش گەواهی ئەوەن کە لە کوردستانەوە نەخشە بۆ پرۆسەکان ئامادە دەکرێن ..

ئەگەر پێشتر وەکو کەسایەتییەکی سیاسی و سەرۆکی پارتێکی کوردستانی و وەکو شەخسێکی متمانەپێکراو تەعامولیان لەگەڵدەکرد، ئەمڕۆکە وەکو سەرۆکی کوردستان و بەشێوەیەکی فەرمی و نێودەوڵەتی وەکو سەرۆکایەتییەکی هەڵبژێردراو و سیاسەتمەدارێکی نەتەوەیی کورد، چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکەن کە هاوکاری هاوپەیمانان و سەرجەم کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێت بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداربێت لە پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا.

دەرەنجام، کارتەکانی کورد ئەمڕۆکە زۆر بەهێزن و دەبێت زۆر بە لێزانی و هوشیارانە ڕەفتار بکرێت، نابێت هەمویان پێکەوە کەشف بکرێن، دەبێت لەکات و شوێنی خۆی بەکاربهێنرێن و هەل بقۆزینەوە.

ڕاستە کوردەکان، نزیکترین هاوپەیمانی ئاشکرای ئەمەریکا و هاوپەیمانانین، بەڵام دەبێت لەگەڵ ئەواندا و بەژیری و دیبلۆماتکارانە ڕەفتار بکەین، دەبێت هەمیشە پرسیاری ئەوە بکرێت، باشە ئەمڕۆکە ئێمە هاوکاری ئەمەریکا بووین بۆ دەرچوونی لەو قەیرانە ئاڵۆزەدا لە عێراق، لێرەدا چی بۆ کورد تێدایە؟ بەرامبەر چ دەستکەوتێک؟ کورد بەدرێژایی مێژوو هەرگیز بازاڕی لەگەڵ هیچ لایەنێک نەکردووە بەتایبەتی لەگەڵ ئەمەریکادا، بەڵام ئەمڕۆکە سیاسەتکردن وا دەخوازێت ! بەمەش، لەسەرەتادا، بەرژەوەندیەکانی خۆت دیاری بکە و لە پێشەوەی هەموو لایەنی دیکەدا دایانبنێ و کاری بۆ بکەیت، پاشان هاوکاری و یارمەتی هاوپەیمانان بدەین، لەو خاڵانەی کە بەرژەوەندییەکانی هەردوولا بەیەک دەگەن، پێویستە بەبێ هیچ دوودڵییەک هەماهەنگی هەبێت و لەو شوێنەش ناگەنە یەک، دەبێت هەوڵی بۆ بدرێت و بگەنە یەکتر و دیالۆگ پەیڕەو بکەین.

ڕۆڵی کورد لە پرۆسە سیاسییەکانی عێراقدا ئاشکراو یەکلاکەرەوەیە، دەبێت سەرکردایەتی کورد، زیرەکانە و بەهەستیاری سیاسەت بکات، لێرەشدا، ئەو لایەنەی کە ڕاستەوخۆ لەگەڵیان دەکەوێتە سەنگەر و ڕووبەڕوو و بەرەنگاربوونە، لایەنە عەرەبەکانە، ئەگەر بێت و ئەوان تاوەکوو ئێستا لە پەیام و هەستیاری مەسەلەکان و ئاڵۆزی هاوکێشەکانی عێراق تێنەگەیشتبن ! ئەوە دەبێت ئەوە بزانن کە ئێمەی کورد ناتوانین لە ئەوان عێراقیتر بین!!